1(1) 20.01.06

ESPOON KRUUNU
ASUMISPALVELUT

# ڕێساکانی ژووری جل شتن

- دەتوانرێت ئەو کاتە کراوانە ژووری جل شتنی کۆمپانیای خانووەکان بەکاربهێنرێت کە کۆمیتەی کارگێڕی دانیشتوان بڕیاری لەسەر داوە.
- لە ژووری جل شتن بۆت هەیە تەنها جلوبەرگی ماڵی خۆت بشۆیت.
- بێگومان شتنی فەرش لە ئامێرکانی ژووری جل شتن قەدەغەیە (ئامێرەکان دەشکێن، لەبەرئەوەی فەرشی تەڕ زۆر قورسە).
- دەتوانیت بەیەکجار تەنها یەک نۆبە بگریت بۆ ژووری جل شتن.
- پێشتر دەبێت کاتبگریت بۆ ژووری جل شتن لەسەر ئەو لیستەی کاتگرتنەی کە لە ژووری جل شتن هەیە. لە سەر لیستەی کاتگرتنی جل شتن دەبێت بەڕوونی ناوی بەکارهێنەر و ژمارەی خانووەکەی بنووسرێت.
- ئەگەر بتەوێت ئەو نۆبەیەی کە گرتووتە هەڵیبوەشێنیتەوە، ئەوا دەبێت زووتر نیشانەی بکەیت لە لیستەی کاتگرتنی جل شتن، بۆئەوەی دانیشتوانێکی تر بتوانێت ئەو نۆبەیە بگرێت.
- ئەگەر لەماوەی نیو کاتژمێردا لە کاتی دەستپێکردنی نۆبەکەوە نۆبەکە بەکارنەهێنرێت ئەوا ئەو کەسەی دوایی کە ژووری جل شتنی پێویستە بۆی هەیە لە دوای بەسەرچوونی نیو کاتژمێر ئەم نۆبەیە بەکاربهێنێت.
- دوای تەواوبوونی نۆبەکەت دەبێت یەکسەر جلەکانت بەریتە دەرەوە لە ژووری جل شتن.
- دەبێت دەستوبرد جلوبەرگەکانت بەریتە دەروە لە ژووری وشکردنەوە لە دوای وشکبوونەوەیان بۆئەوەی جێگاکە ئازادبێت بۆ بەکارهێنەرێکی تر.
- بیرت بێت پەیڕەوی خاوێنی تایبەت و پاکوتەمیزی بکەیت لە شوێنەکانی جل شتن. **هەر بەکارهێنەرێک دوای تەواوبوونی نۆبەکەی گرنگی دەدات بە خاوێنکردنەوەی ژووری جل شتن و پاکردنەوەی ئامێرەکان.**

بە پەیڕەویکردنی ئەم ڕێسا هاوبەشانە هەر دانیشتوانێک لەلایەن خۆیەوە کاردەکاتە سەر ئەوەی کە ژووری جل شتن بە پاکوتەمیزی بمێنێتەوە وە لەوێ جل شتن خۆش بێت. ئەگەر کرێچی پەیڕەوی ئەم ڕێسایانەی ژووری جل شتن نەکات، ئەوا لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە مافی بەکارهێنانی ژووری جل شتن لەدەست بدات